ئایندەی پەیوەندییەکانی کورد و حکومەتی مەرکەزیی: ئایا دۆخەکە وەک خۆی لێ دێتەوە؟. ... بەهرێز جەعفەر

پرسیاری سەرەکی ئەوەیە، ئەم دۆخە بۆ وای لێهات؟. لەڕاستیدا هەڵەی کوشندە لە ئەنجامدانی ڕیفراندۆمەوە دەست پێ ناکات، لە کۆتایی ساڵی (2013) ەوە دەست پێ ئەکات، کە دروستکەرانی بڕیاری ئابووری و سیاسیی دروشمی ئابووریی سەربەخۆیان بەرزکردەوە.

یەکەم: ئابووریی سەربەخۆ

وەزارەتی سامانە سروشتییەکان لەساڵی (2012) ەوە، مژدەی ئەوەیدا کە لە (2015) دا هەڵی ووزەی کوردستان لەتوانایدایە (1) یەک ملیۆن بەرمیل نەوت هەناردە بکات، بەوەشەوە داوایان ئەکرد پشکی (17%) ی بودجە لە بەغدا بەدەست بهێنن!. پەلەکردن لەئابووریی سەربەخۆ لەبەرئەوە بو، ئەگەر بودجە لەبەغداوە بڕۆت، بابەتێکی شەفافەو، دیارە هەرێم چەندی دەست ئەکەوێت، بەرپرسانی هەرێم بریاریاندا سەربەخۆ نەوت بفرۆشن، حکومەتی عێراقیش بودجەکەی بڕی، بۆینی بودجەکە لەکاتێکدا بو، داعش هات و، نرخی نەوت یش دابەزی، هەناردەکردنەو سیاسەتی ووزەی هەرێم نیواو نیو کورتی هێنا.
کورتهێنانی سیاسەتی ووزەی هەرێم، بەجۆرێك بو، کە نەك لە (2015) بەکو لە کۆتاییەکانی (2017) شدا، حکومەتی هەرێم نەك هەر نەیتوانی لە یەدەگ و بەرهەمی نەوتی هەرێم (1) ملیۆن بەرمیل لەژێرکدا هەناردە بکات، بەکو بە هەناردەی هەرسێ کێگەی (باباگوڕگو، ئاڤانا، بای حەسەن) یشەوە کە (360000) لەژێرکدا، ئینجا توانی (550000بۆ 600000) هەزار بەرمیل لە ژێرکدا هەناردە بکات. جگە لەو نەوتەی کە بە کەشتی لە کەنارە ئاوییەکانی دەریای ناوەڕاست و کەنەداو ئەمریکاوە، ئەسوڵایەوەو، کرێی ژانەی زیاتر کەڵەگە ئەبو، چونکە کێبڕکێکان شکاتیان لێ کرابو لە لایەن حکومەتی مەرکەزی عێراقەوە.
بەرپرسانی هەرێم، لە (14ی 7ی 2014) ەوە هەموو ژێرك (260000) دووسەت و شەست هەزار بەرمیل نەوتی کەرکوك یان لە (ئاڤاناو بای حەسەنەوە) فرۆشتووە، پارەکەش چێتە سەر حیسابی چەند کەسێك،

بەرپرسانی هەرێم و بەغدا لەوەدا کۆك بوون کە داهاتی ئەو نەوتە ناچێتە سەر هیچ حیسابێکی حکومی نە لەهەرێم نە لەبەغدا نە لەکەرکوك!. جگە لەوەی بەرپرسانی کورد لە کەرکوکا بە بێ گەڕانەوە بۆ ئای عەرەب و تورکمان و پێکهاتەکان بۆیاریانداوە، جگەلەوەی لەماوەی (16) ساڵ دا مومتەلەکات ی حکومەت و موڵکی دەوڵەت و زەوی و چاڵە نەوتیان بۆ خۆیان قۆرخ کردبو، بە تەنکەر نەوتیان ئەفرۆشت و چەندین پاڵیوگەی سەر پێیی یان کردبووە.

دووەم: بۆیاری ێفراندم

بۆیاری ێفراندم، هەرچۆن لێی بکۆڵیتەوە، بۆیاری خەڵکی کوردستان نە بووەو نییە، چونکە نە پەرلەمان ئەو بۆیارەی داوە، نە هیچ دامەزراوەیەکی شەرعی، نە هیچ شەرعیەتێکی نێودەوڵەتیشی وەرگرتووە، تەنانەت حزبێکی بۆیار بەدەستی وەك (ی،ن،ك) سەرکردایەتییەکەی بە پێی پەیڕەوو پڕۆگرام شەرعیەتی لەدەستداوەو، بۆیارەکانی لە ناو جەماوەر و ناوەندی کادیرانییەوە هەڵ نەقووڵا بوون، ئینجا نزیکەی (40,5%) واتە تەنها لە سەتا چل ی خەڵکی کوردستان دەنگیان بەو ێفراندەمە داوە. هەڵەیەکی دیکەی ێفراندەم ئەوەبو، زەمینەی گفتوگۆی لەگەڵ حکومەتی مەرکەزی کوشت، عێراق لەگەڵ ئەوەی حوکمی یاساو دەستوری تیادا نییەو، شەڵی تایەفی و بیری پاوانخوازی تیایدا زاڵەو ڕۆژەی بێکاری تیایدا(35%) ەو، نزیکەی (6,5) شەش ملیۆن و نیو مندااڵی بێ باوکی تیادایە و (23) بیستوسێ ملیار دۆلار قەرزارە، کەچی هێشتا عێراق بە تەواوی پاڵپشتی نێودەوڵەتی و هەرێمایەتی هەیە. ویلایەتە یەکگرتوەکان دەیان جار دووپاتی کردەتەوە کە جگە لە عێراقێکی یەکگرتوو نایەوێ هیچی تر ببینێت لەو قۆناغەدا.

سێهەم: قۆناغی دوای ێفراندەم قۆناغی فەرمانەوایی حکومەتی مەرکەزییە

لە دوای ێفراندەم، سەرکردایەتی سیاسیی کورد، جگە لە پەرش و باڵاوی و فرە قسەیی، هەنگاوەکانیان بۆ گفتوگۆکردن لەگەڵ حکومەتی مەرکەزیی زۆر خاو بو، لەکاتێکدا "ئێران- عێراق" – "ئێران- تورکیا" " تورکیا- عێراق"، "ئێران- عێراق- تورکیا" لە جموجووڵ و بۆیار و تاوتوێی خۆرادابوون. وەزیری بەرگری ویلایەتە یەکگرتوەکان لە تەلەفۆنکیدا بۆ سەرکوەزیرانی عێراق "حەیدەر عەبادی" هەموو

پاپشتیەکی بۆ ئیجرائاتە یاسایی و دەستوریيەکانی حکومەتی عێراق دەربڕی بو. چەندین جار عێراق داوای گفتوگۆی لە هەڕەم کرد کە ئەنجامی ئیفراندمەکە هەبوەشێننەوە یاخود هەپەسێرن، چەندین جار حکومەتی عَێراقی بڕیاری خۆی لای ئەمریکییەکان و تورکیاو ئێران و دادگای نیڕك دەربڕی بو، کە بەرپرسانی کورد (3) ساڵە داهاتی نەوتی کەرکوك بۆ خۆیان ئەبەن، ئەبێت ئەم داهاتانە بێنەوە بۆ حکومەتی مەرکەزیی عێراق. کەچی بەرپرسانی هەڕەم و بەتایبەتی (پارتی دیموکراتی کوردستان) گاڵتەو سوعبەتیان بەو لێدوانانە ئەکرد و، بە تەنزەوە وەڵامیان ئەدانەوە.

چوارەم: حکومەتی عێراقی بە ڕێککەوتن هەموو خاڵە سنورییەکان وەر ئەگرێتەوە

حەشدی شەعبی بە چوار قۆناغ گەشەی کردووە، سەرەتا دروستیان کرد، قۆناغی دووەم بە یاسا لەپەرلەمانەوە کرا بە بەشێك لە سیستەمی بەرگری عێراق، قۆناغی سێیەم پێ چەك کران، قۆناغی چوارەم شەڕی دەستکەوتە سیاسییەکانی خۆیانی پێ ئەکەن.
ڕۆژی (14/10/2017) فەرماندەی سوپای قودسی ئێران "قاسمی سولەیمانی" سەردانی مەزاری تاڵەبانی ئەکات، ڕۆژی (15/10/2017) سەرۆك کۆماری عێراق " دکتۆر فواد مەعسوم" کە لەپشکی کوردە، نامەیەکی حکومەتی عێراقی ئەگەیەنێتە سەرکردایەتی کورد کە " پدك و ینك" ن، لە نامەکەدا ئەوە هەیە کە حکومەتی عێراقی سەرجەم بیرە نەوتییەکانی کەرکوك ئەخاتەوە ژێر کۆنترۆڵی خۆی، هەموو ئەو ناوچانەی کە پێش شەڕی داعش لە (2014) بەدەست حکومەتی عێراقەوە بوون و، بەهۆی شەڕی داعشەوە کەوتونەتە دەست پێشمەرگە، ئەوا هێزەکانی سوپای عێراق و حەشدی شەعبی کۆنترۆڵیان ئەکاتەوە، پێویستە پێشمەرگە چۆڵی بکات، خاڵی سڵەمیش ئەوەیە حکومەتی عێراقی هەموو مەرزە سنورییەکانی پەروێزخان، باشماخ، حاجی ئۆمەران، برایم خەلیل ئەخاتەوە ژێر ڕکێفی خۆی و، ڕاستەوخۆ خۆی بەڕێوەبەرایەتی ئەبات. بۆ کۆنترۆڵکردنی ئەمانەش تەنها مەرزی حاجی ئۆمەران نەبێت کە سوپای حەشدی شەعبی لەناو خاکی ئێرانەوەو لە ناوچەی پیران شار ەوە ئەچێت بۆ کۆنترۆڵ کردنی، هەموو ئەوانی تر لە خاکی عێراقەوە بە هێز وەرئەگرێتەوە.
کەی ئەو پرسەیەش، لە بەرە بەیانی ڕۆژی دووشەممە (16ی 10ی 2017) ەوە لە خواروی کەرکوکەوە دەستی پێکردو، نزیکەی (70) پێشمەرگە شەهیدبوون و (121) کەسی دیکەش بریندار بوون جگە لە (17) کەسی بەسەروشوێنکراو و، هەزاران ماڵی کورد لەشاری کەرکوك و دووز

خورماتوو هەڵاتن و ئاواره بوون.

پێنجەم: ئەوەی پێویست بو کورد بیکات نەیکرد

سیاسەت و ئابووریی لە لای کورد تێکەڵ بەمەسەلەی کوردایەتی و ئایدیۆلۆژیا کراون، بۆیە لەبری (هاریکاری هەرێمایەتی- International Cooperation) هەمیشە (ململانێی ناوخۆیی و هەرێمی) بەدوای خۆیدا هێناون، ئەوەی پێویستە بووە ئەوەبووە کە حوکمڕانی کوردی باکگراوەندێکی مادەرن ئاراستەی بکات. بۆ ئەوەی دەرچوو (Out Put) هەکانی بریتی بن لە لێسەرچ بە شێوەیەکی ئاکادیمی، دیبلۆماسییەتێکی کاریگەر، هێزێکی سەربازیی بە یاسا ڕێکخراو، گەشەیەکی مرۆیی بۆ ئامادەگییەکی کۆمەڵایەتی. مەسەلەن: کورد و ئەو پیاوانەی لەسێبەری نەوت دا دەوڵەمەند بوون، نەیانتوانی تەنها پاڵپشت بن لە دروستکردنی چەند ناوەندێکی توێژینەوەو دیبەیتخواز کە کاریگەرییان هەبێت لەسەر ڕای گشتی جیهانی، لەناوەندە گرنگەکاندا ئارگیومێنسازیی بکەن. بۆیە ئەبینی کە هەڕەشەکان نزیك ئەبنەوە داوا ئەکەن کوردانی هەندەران بێنە سەر شەقامەکان و، داوا ئەکەن خەڵك چەك هەڵبگرێت و ئیشەکە لەدەست دەرچووە.

شەشەم: چۆن کەرکوك لە بەیەکداکێشانی هێزەکان بپارێزرێت؟. " بە پێی تێزەکانی مایکڵ نایت".

مایکڵ نایت -Michael Knight، تایبەتمەندی لەبواری سەربازیی و ئاسایش دا هەیە لە عێراق و ئێران و کەنداوی عەرەبی. لەو توێژڕانەیە کە وەزارەتی بەرگریی و دەرەوەی ئەمریکا ڕاپۆرتەکانی ئەبینن یان هەر ڕاپۆرت بۆ ئەوان ئامادەئەکات، توێژەرە لە واشینگتۆن ئینستیوت و، دکترای لە کۆلێژی شاهانەی لەندەن لە دیراساتی جەنگی هەیە، خولیای قسەکردنە سەبارەت بە کێنکشنی نێوان ئاسایش و کۆمپانیا نەوتییەکان. لەمیانەی وتارێکیدا لە " پەیمانگەی واشینگتۆن بۆ توێژەڕاتی ناوەڕاست" ئەنوسێت، کە حکومەتی عێراق هاتە ناو کەرکوکەوە ئەمریکا هیچی نەووت، تەنها سەرۆك ترامپ نەبێت وتویەتی: هەردوولایان وەك یەکن بۆ ویلایەتە یەکگرتوەکان و ئێمە تەرەف نیین لەم ناکۆکییەدا "would not be “taking sides” in the dispute". نایت، لایوایە حکومەتی عێراق هاتۆتە ناوەوەو ئیتر لەمەولا ئەبێت واشنتۆن بەپەلە ڕاگیریی بکات و نەهێڵێت تووندوتیژیی پەرەبسێنێت، ناو شار ئەبێت بەدەست پۆلیسەوە بێت نەك پێشمەرگەو سوپا، کۆگە نەوتییەکانیش ئەبێت پۆلیسی تایبەت یان هەبێت نەك حەشدو سوپا و پێشمەرگە، بۆیە مایکل نایت چوار هەنگاوی دەستوبرد

بۆ ئیدارەی ئەمریکا دەست نیشان ئەکات:
یەکەم: گەیانەوە بۆ پێکهێنانی میکانیزمێکی وا کە هێزێکی هاوبەشی ئەمنی دروست بکرێت لە هێزەکانی خزمەتگوزاری پۆلیس و دژە تیرۆر (بەهەماهەنگی هەرێم و بەغدا) و فریاکەوتنی خێرا.
دووەم: ئەمریکا ئەبێت ئاماژەرەیەکی وا بدا کە حەز بە پێکدادانی هێزەکان ناکات. بۆ ئەمەش تیمێکی سەربازیی- ئەمنی- ئاوێزکاری لە ناو کەرکوك دابنات. ئەمەش بۆ دابەزاندنی ئەوانەی ئارەزووی پێکدادان ئەکەن هەروەکو ئەوەی ئەمریکا لە شنگال کردی.
سێهەم: دانانی حاکمێکی کاتی لە کەرکوك، ئەگەر نەگونجاو بو بە پەلە لەلایەن ئەنجومەنی پارێزگاوە پارێزگارێکی کورد دەستنیشان بکەن. تیایدا پارێزگاری لەو ناوچانە بکرێت کە کەرکوکیەکان لەساڵی (2007) کردویانە لە مەڵ دابەشبونی دەستەڵاتەکان.
چوارەم: ئەبێت ئەمریکا وا بکات بەشداریيە نەوتییەکان بەردەوام بن، لەژێوان (بەغدا- کەرکوك- هەرێم) دا، ئەم هاوکێشەیە وا لێك بکاتەوە کە لەسەر بنەمای "قازانج – قازانج (win- win situation) بێت و هەر سێ شوێنەکە لێی سودمەند بن، بۆ ئەوەی ئەمە ببێتە دەروازەیەك هەرێم و بەغدا لێوەی دەست بکەن بە دانوستاندن. نایت ئەوە ڕاستە ئێستا سەرجەم کێشەگە نەوتیەکان لە ژێر کۆنترۆڵی حکومەتی فیدراڵییە، بەڵام حکومەتی هەرێم یەك هێزی هەنارەکردنی هەیەو، پاڵیوگەکانی توانای پاڵاوتنی نەوتی زیاتریان هەیە، ئەکرێ کارێکی وابکرێت کە ئەم پاڵیوگانەی هەرێم نەوت بۆ ناوچە تازە ئازادکراوەکانی وەك نەینەواو سەڵاحەدین و دیالە بپاڵێوێت. ئەمەش وا ئەکات کاری پێکەوەیی هەرێم و بەغدا زیاتر بێت و، لە گفتوگۆدا بن.

سەرئەنجام:

ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا، لە پەیامێکیدا لە ڕێگەی "بی بی سی نیوز" ەوە باوکرایەوە، داوا ئەکات لەوە زیاتر نا ئارامی نێوان هەرێم و حکومەتی مەرکەزیی پەرە نەسێنێت، ئەو هێرشانەی حەشدی شەعدی و سوپای عێراقیشی بە " جووڵەی سەربازی" ناوبردووە.
بە پێچەوانەی ئەوەی، لەسەر تەلەفزیۆنەکان چەند ئاوێزکارێکی بارزانی ئەیانگوت، کارتەکانی دەستی هەرێم ئەوەندە زۆرن، حکومەتی عێراق پەی پێ نابات و، گەمەیان بە سوپای عێراقی ئەکرد، کە هەڵدێن و، ڕایانکردووە بۆ هەندەران. ئێستا هیچ کارتێکی سەربازیی و سیاسیی و ئابوریی لەدەست سەرکردایەتی سیاسیی هەرێمی کوردستاندا نییە، ئەوەی هەیە سەپاندنی ئاسایش و سوپای عێراقییە بەسەر ئەو

ناوچانەی باسکران. بۆیە سیناریۆکان ئەمانەی لای خوارەوە ئەبن:
یەکەم: بە فشاری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا حکومەتی مەرکەزی لەگەڵ نوێنەرانی هەرێمی کوردستاندا دابنیشێت، ئەویش دوای تەواو بونی ئەو پرسەیەی لەسەرەوە باسکرا، ئەوکات داواو مافەکانی هەرێمی کوردستان جارێکی تر لە بەغدادەوە دیاری بکرێن، لیژنەیەکیش بۆ شەفافیەت بەسەر بەرپرسانی کوردەوە دابنرێن، هەرچی ناوچە دابڕاوەکانە بە هاوبەشی بەڕێوەببرێن و هەماهەنگی تەواو لەگەڵ بەغدا بکەن.

سیناریۆی دووەم: دەستوەردانی ڕووسیاو تورکیا، بە بیانووی ئەو گرێبەستانەی لەگەڵ ڕووس نەفت کراون، هەرچەندە لەگرێبەستەکەدا باسی (7) کێڵگەکراوە ناوی کێڵگەکان نەهێنراون. ئەمەش جارێکی تر حکومەتی هەرێم ئەخاتەوە ململانێ لەگەڵ حکومەتی مەرکەزیی و ژیان و گوزەرانی خەڵکی کوردستان و ناوچە دابڕاوەکان دژوارتر ئەکات.
سیناریۆی سێهەم: دروستبونی دوو ئیدارەیی، ئێران پاڵپشتی تەواوی هێزەکانی (ی،ن،ك) بکات لەکەرکوك و، چاوپۆشی لە نفووسیان بکات لە بەغداد و، لەهەبژاردنیش جارێکی تر فریای (ی،ن،ك) بکەوێت و نەهێڵێت بکەون. بەمەش (پ،د،ك) هەم بیرە نەوتەکانی کەرکوك لەدەست ئەدا، هەم داهاتی خاڵە سنوورییەکان، هەم ئەکەوێتە بەر پەلاماری گازندەی کەمەانی خەڵك کە ئەندازیاری لەدەستدان و شکاندنی شکۆی گەلی کوردستان بووە بە هۆی پرسەی ڕیفراندەمەوە.

"بەهەرز جەعفەر: خوێندکاری دکتۆرا لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، سەرکی ئینستیتیوتی مێدیتریانە بۆ توێژینەوەی هەرێمایەتی"

هاوار و خۆزگەکانی منداڵیش، هەر وەستانی جەنگ و زرمەی تۆپخانەکان بوو ... هێژن

هەر کاردانەوە و دڕبڕین و هەوەستێکی ئەمە، کەدی ڕوداوەکانی ژیانی ئەمڕۆ و لە چرکە ساتێکی هاوشێوەی خۆی نمایشدەکاتەوە!

چرپە و دوا ئارەزووی منداڵانی دەوروبەری موسڵ و کەرکووک و ماندەلی و خانەقین هەمان چرپە و ئارەزووکانی تەمەنی یازدە تاکو هەژدە ساڵی تەمەنی منن، منێک کە بە زرمەی خومپارەکان پاروو‌کانی هەژاری لە گەروومم ئاودیودەبوون، بە زرمەی خومپارەکان لە خەوادەبووم و زرمەی خومپارەکان زەنگی دەستپێکردن و کۆتایی وانەکانی فڕۆکە بوو و زرمەی خومپارەکان کۆتایهێنەری چرپەچرپی نێو ژووانی من و دەدارەکەم بوو و خاڵی کۆتایی نامە و هەناوەکانی سەردەمی هەرزەکاریيشم هەر زرمەی خومپارەکان بوو و زەر جار زرمەی خومپارەکانی دەوڵەتی ئیسلامی ئێران و زرمەی خومپارەکانی نێو خۆن و خەیاڵم بە یەکدی تێکدەبوون و جیاکردنەوەی خۆن و ئەوداو سەخت بوو و جیاوازی نەوانیان تەنیا پاش و پێشکەوتنی هەر یەک لە ئەوان بوو.

من بە هەواڵی جەنگ و چەک و دەنگی خومپارە زوو و زیاتر لە هەر کەسێکی جەنگ نەدیتوو دڵشۆڕم و ناخم وەراندەبڕت، چونکە جەنگ منداڵیی من و لاویی من و خۆشی ژیانی منی لەناوبردووە و وەرانکردووە و داگیرکردووە و هاوڕێ و هاوپەل و هاوسێ و ئازیزانی منی لەناوبردوون. هەڵبەتە لەنێوان جەنگێک کە بەخت هەڵیدەبژێریت و جەنگێک بەسەرت دەسەپێندرێت جیاوازی هەیە؛ من شەش ساڵی جەنگی عیراق ئێران زەر لە مردن ترسام، ترسانێك زیاتر لە ترسی یەزدان و دێو و درنج، بەڵام دوو ساڵ پێشمەرگایەتی مردن هەردەم هاوڕێ و هاودەم و دووانەی من بوو و ساتەکانی تەنیایی دەستەملانی یەکدی دەبووین. لە دەنگی خومپارەکانی دەوڵەتی ئیسلامی ئێران زەر دەترسام و پێچەوانەوە بە دەنگی خومپارەکانی بەعس تووڕەتر و بەوای بەرەنگاریکردنی من بەهێزتر دەبوو. هەرچەندە ئێستا ئێو نەترسیەیش بە گەمژەیی ئێو تەزانەی خەم دەزانم و هەر سات ئاگاری هەبوو، "وەک تەی بنی گەم" بڵێم و ببمە کەد و دەلاری نێو گیرفانی بازرگان و جەلادەکانی کوردایەتی!

تەمەنم دوازدە بوو، کە خومپارەکانی دەوڵەتی ئیسلامی ئێران بوون بە هەی ناچاربوونم بە بیرهێنانەوەی بەهەشتەکەی منداڵیم و ئاوارەی شاران بووم و خۆن و یاداوەریی و حەزەکانی منداڵیی خەمم لەنێو کەشکەڵی نهێنییەکانم شاردنەوە و تاکو تەمەنی هەژدە ساڵی یازدە جار ئاوارە بووموە و یاداوەرییەکانم لە ماوەی ئاوارەیی شار بە شار و گوند و بە گوند و ناوچە و بە ناوچە و وەتە و وەتات لە دوای خەم ئاکۆشدەکردن و تاکو تەمەنی سی و هەشت ساڵی وەک درێژەی ئاوارەبوونی جەنگ و وەرانی گوندەکەم بیست و یەک جار ئاوارە

بوومەوە و لە ماوەی حەوت ساڵی کۆتایی جەنگی عیراق – ئێران لە هەڵبجە خواردن و خەوتن و خوێندن و پیاسەکردن و سەیران و خێزانەکردنی لە من شەواند؛ ئەو کات و هەموو ئاوارەبوونەکانی هەڤدە ساڵی تەمەنم، تەنیا یەک ئاواتم هەبوو، ئەویش تەنیا ئەوە بوو، کە چرپە و هاوارەکانی ناخی منی قوربانی و ئاوارەی جەنگ بگەنە گوێگانی دیکەی جیهان و مرۆڤەکانی دەرەوەی ناوچەکانی جەنگ و بۆمبارانی، دوا حەز و خەون و خەیاڵەکانی من بریتی بوون لە خەزگەخواستن بە بەدەنگبوونی تەپخانەکان و نەفەینی فڕۆکەکان و ئانچەڵەکانی ئەمەی منداڵ لە قوڵایی خەو و نەکوژرانمان لە ڕێگەی فڕۆگە و لەنەو حەشارگەکان!

ئەی مرۆڤ، بزانە هەر ئەو خەون و خەزگانەن، کە ئێستا من دەخڵەنە شوێنی منداڵان و پیر و پەککەوتەکانی ناوچەی موسڵ و کەرکووک و مەندەلی و خانەقین، چونکە دڵنیام ئەوانیش بەهەی حەزی زیندووماندنەوە و ئارەزووی ئارامی و ئاسوودەیی و خوازیاریی گەیشتنی دوا چرپە و هاوارەکانی ناخی خەیانن بە هەر مرۆڤێك کە لە ناوچەکانی جەنگ دوورە. ڕاستی هەر ئەو هەکارە و هەر ئەو حەزانە و نەبوونی وێنەم و کاردانەوەی "یەزدانی خەیاڵان" بە حەز و داخوازییەکانی منی منداڵ بوو، کە منی قورئان-خوێنی لە بوونی بەهەشت و یەزدان بگومان و نائومێدکرد و بە هەمیشە بووم بە هاوڕێی هەمیشەیی ئەهریمەنی ئازادیخواز.

هاودەرد، تکایە پێش ئەوەی خومپارەی ملهوڕیی بەرجوازیی عەرەبی-زمان و ملهوڕیی بەرجوازیی کوردیی-زمان بە داگیرسانی گڕپی سەوزی چڕپە پڕە-دەوڵەت و فاشیستەکان، هاوسێ و هاوڕێ و هاوپێل و هاوکار و ئەقیندارەکەی تەش بکوژێت یان چاو و دەست و لاقی بپەرێنێت، بەختت وەرە سەرشەقام و بە زمانی دایکیی خۆت هاواربکە (هەردەم قوربانی جەنگەکان کەسێ نەدار و بەدەستەواتەکان بوون و دەبن و هەردەم سەرکەوتووان و دەستکەوتووان و براوەکانی گشت جەنگەکانیش هەر ڕامیاران و دەسەڵاتداران و سەرمایەداران دەبن.

لەبیرنەکەیت هاودەرد، پێش ئەوەی گوللەی سەرباز و پێشمەرگە ناچارکراوەکان کۆڵەسەری خۆت بپێشنەتەوە، وەک دوا پەیام بە هاوڕێ و هاوسێ و دەدارەکەی خۆت یان دایک و هاوسەر و منداڵەکانت بنووسە (دەوڵەت ئامرازی سەروەربوونی مشەخۆرانە و جەنگیش گەچانەکی جادوویی و پڕوجووکەر بە درێژکردنەوەی تەمەنی ستەم و ملهوڕیی و هەڵاواردن و برسێتی و ئاوارەیی و ترس و زیندان و سەدارە! … لەبیرنەکەیت، بەیانی زوو لەنەو کەمان و لەنەو فڕۆگە و کارگە و

فەرمانگە و سەرشەقامان دژی ملهوڕیی و جەنگ و مەرگ لەتەک هاوخەونەکانت خەکبخەیت و خەنیشانبکەیت و چەکدارەکان لەنەو شەقام و کەڵان و سەربانی فڕۆگە و خەستەخانە و کەنارەکانی گوند و شار دەربکەیت و ژیان و خەشەویستی و ماچ بە کەڵان و شەقامەکان بگەڕێتەوە. لەوانەیە کاتێك کە ئەم نامە بە دەستی تە بگات و بیخوێنیتەوە، چیدی من زیندووونەمابم. لەیادنەکەیت، کە دوا ئارەزووی من زیندووماناوەی خەم و هەموو مرۆڤکی ژیاندەست بوو و لەپێش هەموانەوە تە بوویت. بەڵام بەداخەوە خەرایی ڕووداوەکان بەواری زوو داچەکان و دڕککردنی ئاستییەکانی بە من نەدا، هیوادارم خەکەوتەکانی ژیانی تە ئاوا نەبن و ماوە و بوار و بەختی بیرکردنەوە و تێگەیشتنت هەبێت، تاکو هەکار و کەدەکانی جەنگ و دروستکردنی دەوڵەت و پارتییایەتی و پێداویستی هەبوونی لەشکر و دژگە سیخوڕیی و سەرکوتگەرەکان و زیندان و سێدارە بدەزینەوە و پێش ئەوەی جەنەراڵ و ئەفسەرێک بیاری ئامیار و دەسەڵاتدار و سەرمایەدارێك بە چەکدارەکانی نەو سەنگەگەرانی ئەوبەر یان ئەمن و پۆلیسەکانی سەرکوتکردنی (خەنیشانەکانی ئەوە) بسپێرێت و ئەویش لە سەر و سنگی تە نیشانەبگرێت، فریای ڕزگارکردنی ژیان و گیان و خەون و ئارەزووی کەسەکی دیکە بکەویت. دوا پەیامی خەشەویستیی من، ماچ)
❤

هەژەن
١٥ی ئەکتەبەری ٢٠١٧

گەمە قورسەکە نزیك بێتەوە ... 3 ... سەردار جاف

(بەشی سێهەم / تورکیا) ...

چەشەی ئابووری ئەو ئالیکە بوو لە ڕکەوتنە پەنجا ساڵییەکەی نێوان هەرێم و تورکیا بە لایەنی دووەم ڕکراو ئامانج و مەبەستیش لێی

ئەمە بوو کە کورد هەنگاو بەرەو سەربەخۆیی بنێت، و ریفراندۆم بکات و رای گەلی خۆی بە دونیا بگەیەنێت، گورزی گەورەیش بەر ئابووری تورکیا بگەیەنێت، هەنگاو نەنانی تورکیا لە داخستنی سنوور و گرتنەوەی بڕی نەوتەکە و لەشکر کێشی پەیوەستە بە دوو فاکتەری سەرەکییەوە، یەکەمیان ئابووری و دووەمیان دەست بەتاڵبوونی سەران و دەولەتی تورك لە پەیوەندی دیپلۆماسی کە خەریکە سەریان دەخوات و دووچاری گۆڕاوی کردوون.

دەسەلاتدارانی تورکیا هەر زوو درکیان بەم گەمە قورسە کردبوو چاك لەوە حاڵی ببوون کە مەبەستی بەرتەسککردنەوەی ئاگرەکەیە لە دەوروبەری سنووری وڵاتەکەیان و بینەقاقای دابەشبوونی خاکەکەیان دەگرێتەوە، سەرەتا بە بۆبیانووی هەبوونی دەستی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە کودەتاکەی مانگی تەموزی ساڵی رابردوو و دنەدان و دەست لە پشتدان و پشتگیریکردنی بزوتنەوەکەی فەتحوڵلا گویلەن، هێدی هێدی رووی ئەم وڵاتە بەرەو بڵۆکی رژێمەکان وەرچەرخا، لە بنەرەتیشدا مەبەست ئەو بزوتنەوە نەیارەی دەوڵەتی تورکیا نەبوو، وەلی ئامانجەکە ئەو گەمە قورسەیە کەوا دەردەکەوێت نزیك بووبێتەوە، تەواو پشتقایمی خۆی لە رووی سەربازی و ئابوورییەوە بۆ روسیا راگەیاند، هەر کێینی موشەکی دوور مەودا تا بە غازی روسی دەگات، ئمە وای کرد پشت ئەستوور بێت بە وڵاتی روسیا، لێرەدا ئەوە دەردەکەوێت کە روسیا لە سەروبەندی خستنەخوارەوەی فۆکەکەی لە لایەن تورکیاوە، لایەنی دووەم بە ئاشکرا پشتگرییەکی خۆی بۆ شەڤانان و گەریلاکانی سەر بە پارتی کرێکارنی کوردستان دەردەبڕی و تورکیا هەستی بە زەبری گورچکبڕ دەکرد بۆیە بە خڕایی ئەو پەیوەندیانەی لە گەڵ روسیا چێ کرد، ئێستایش جگە لە پشتگیری کردنێکی کەمی روسی بۆ شەرڤانانی پارتی یەکێتی دیموکراتی لە کوردستانی رۆژئاوا ئەو باس و خواسە گەرم لاگیرییەی بۆ گەریلاکان نەما، بەڵام تورکیا جارێکی دیکە دووچاری دۆزەخێکی دیکە بێتەوە ئەویش کە ناتوانی تەواوی سنووری بەرووی کوردستانی باشووردا دابخات، بەهۆی ئەو رێکەوتننامە وزەییەی مانگی دووی رابردووی نێوان گەورە کۆمپانیای رووسی و هەرێمی کوردستان، کە بەرژەوەندییە ئابوورییەکانی بە کوردستانەوە بەستەوە لە حاڵەتی داخستنی لە لایەن تورکیاوە گوشارەکانی روسیای بەسەرەوە زیاد دەکات و دەولەتی روسی ئەوەی نەشاردۆتەوە و چەندین جار لێدوانیان لەو بارەیەوە داوە، لە لایەکی دیکەوە پەیوەندییە دیپلۆماسییە گرژییەکانی تورکیا و ئەورووپا گەیشتۆتە تڕپك نەمازە لە گەڵ دەوڵەتی ئەمان کە بە گەورەترین بازاڕی تورکی هەژمار دەکرێ و وڵاتی دووەمیش بە هۆی

ناکۆکییەکانیانەوە لە ئەنجەرلیك کشانەوەی خۆی جێدا، سەرەڕای ئەم ئاڵۆسکبوونی ڕەوشە بە دڕاندڕی تورکیاوە، چاوبڕینی وڵاتی تورکیا لە پەلهاویشتن بۆ وڵاتانی دەورو بەر کە بەلاسایی کردنەوەیەکی سەردەمیانەی کۆماری ئیسلامی ئیران دادەنرێت، زیانێکی دیکەی گەورەی پێ دەگەیەنێت، خۆ هەڵقورتاندن لە سووریا و ئێراق و شکاندنی گەمارۆی ئابووری سەر قەتەر و ناردنی هێز ئەو دەستە شاراو و پرَ گومانەی لای وڵاتانی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات ئاشکرا کرد و پێویستە بە جۆرێك هەنگاو بنێت وڵاتەکەی لەو دابەشبوونە بپارێزێت کە سەرو تەپکی دەگرێتەوە، پێشتریش دەوڵەتی تورك چەندین پەلوپۆی دیکەی هاویشتووە و کۆمەڵی نێو دەوڵەتی بە هۆی هاوڵابوون و هاویار بوونیانەوە بۆدەنگیان نواندووە،قبرسی تورکی و تورکمانستان و ناگورنوکەرەباغ بە نمونە ڕەنگە ئەو دێسیانەیشی هەبدرێتەوە ئەگەر دوور خستنەوەیشی بە دوور نازانین لە پەیمانی ناتۆ، کودەتای سەربازیش جارێکی دیکە لە تورگکیا و لە سایەی ئەم تاك دەسەڵاتیەی کە هەیە بە دوور دەزانرێت، ئائومێد بوونی زلهێزانیش لە کودەتا، وا دەکات هەنگاو بۆ پلانی 2 و ئەوانی دی ببرێت، هەر ئەمەیش وا دەکات لە ئایندەدا بە هەر پاساو و دەریچەیەك بێت پارتی کرێکارانی کوردستان لە لیستی تیرۆری ولاتانی ئەوروپی و خۆرئاوا دەربکرێت و گەمە بەرەو خۆش بوون هەنگاو دەنێت... تاکە مەنفەز بۆ تورکیا داننانە بە دەوڵەتی کوردستانی باشوور بۆ ئەوەی ماوەیەك ئاگری پارچە پارچە بوونی خاکەکەی لە خۆ دوور بخاتەوە.

دیوی شاراوەی ئۆداوەکان و ئەم دەخۆ بۆرەو کوێ دەبات..؟ … بەختیار نامیق

ئەوەی لەسەر شاشەکان دەیبینین تەنها ئۆداوەکانێ ، ئەی کێ ئۆداوەکان دروست دەکات…؟ یارییێ سیاسیەکانی هەر ولاتێک لەسەر بنەمای بۆرژوەندی ئەو وڵاتە دەوات ، خۆ ئەگەر بۆرژوەندی ئەو وڵاتە بهێنیت و بیکەیت بۆ پۆوار ئۆوت بۆ ئون دەبتوێ کێ ئەو وڵاتە چێن یاری دەکات ، لەڕوێ ئۆوەی لێ عێراق دەگوزڕێ دەتوانین

ناوی بنەین قەناغی دوای داعش لە عیراق و شام ، ئەو دەزانین کە دو ولات یاریکانیان بردەوامن لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاتسدا بە بەهێزکردنی پێگەی سیاسی و ئابوری خۆیان ، ئەگەر ئەو پێودانگە ڕاست بێت کە دەوترێت ئاسایشی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەستراوە بە هاوسەنگی نێوان تورکیا و ئێرانەوە وەک دو میراتگیری سەفەویی و عوسمانی ، ئەوا لە ئێستادا ئێران توانیوێتی ببێتە ئەخێتبوتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و تورکیا لەم دەریای ڕۆژهەڵاتدا بوتە ماسیێکی بچوک ، بۆیە تورکیا دەیەوێت ببێتەوە بە هێزکەی جاران و چی تر بچوک نەبێتەوە لەبەرامبەر ئێراندا ، هەر بۆیە تورک ئەوە دەزانن کە جیوپۆلەتیکی تورکیا وەک دەروازەی گواستنەوەی دنیا وێنا دەکرێت ، بۆیە دەیانەوێت کارتکانیان بخەنە گەڕ .

تورکیا دەیزانی لە بەرامبەر ئەمریکی کورد لە ڕۆژئاوا دەکەوێتە بەردەم ئەگەری مەترسی بە سەر ئاسایشی نەتەوەیی ئەو وڵاتە و لایەکی ترەوە گەشتن بە دەریای سپی گرنگی بەندەری جیهان کەمدەکاتەوە ، هەر بۆیە دژایەتیکانی گەیی بە ئەککەوتن لەگەڕ ئیران و ڕوسیا ، چونکە ئێران و ڕوسیا ئێستە دەستەڵاتکی گەورەی سیاسی و سەربازیان لە سوریادا هەیە چەندین کارتیان بەدەستەوەیە دژی تورک بەکاری بهێنن ، تا ئاستەکش لە دوای ئەککەوتننامەی ئەتەمیەوە ئێران لەگەڕ ئەمریکا بەس لەسەر ئاستی بچوک و ڕاگەیاندن ناکەکن ، دەنا لەسەر پرسە گشتیەکان هیچ کەشێکیان نیە ، بە لەدوانی ئەم دواییەی ترامپیشەوە ، چونکە ترامپ داوای دژایەتی نەکردوە بەکو داوای هەمواری ئەو پەڕژەیەی کردوە ، دەمێنێتەوە تورکیا چۆن بتوانێت خەی هەسێنێتەوە ، بە ئەمەش لە عەراقدا کار دەکات چونکە دەبێتە پێگەیەکی گرنگ بە سوریاش ، تورک ئەوە دەزانی کە سونە لە عەراقدا ئاوت بوە ، دەزانێ هیچ گرنگیەکیان پێ نەدا لە ڕزگارکردنی موسڵدا ، دەزانی تا سەر ناتوانێت مامەڵە بە گاز و نەوتی کەرکوکەوە بکات ، بۆیە هەسا بە دروستکردنی کارت و دوای بە هێزی ئەو کارتە دانوستان بکات لەگەڕ عەراق و ئێران و ڕوسیا و ئەمریکا ، لە ئەی سیناریویەکەوە هەسا بەم کارە ، ئەویش کورد بکاتە کارتکی بەهێزی دەستی خەی ، لە ئێگەی زانی زەردەوە کە بە هی خەی دەزانێت ، پرسی گشتپرسی و ڕیفراندەمی وروژاند ، دوای ئەوەی کە ئەم کارتە توانی ئێران و عەراق بە گەڕپی سەوزی ئەمریکا و ڕوسیاوە بهێنێتە سەر خەتی خەی ، دێت ئەم کارتە دەفرەشیت و خەی ئەککدەکەوێت لەگەڕ ئێران و عەراقدا ، هەمان سیناریوی ١٩٧٥ دوبارە دەکاتەوە بەڵام لە وێنەیەکی تردا ، هەر بۆیە لەناو ئەم هاوکەشاندا و لە ناو بەریەککەوتنکاندا تورک توانی میرنشینکەی

خەی بەکار بهێنێت و بیکات بە کارتێکی بەهێز ودوای بە بەرژەوەندی خەی لەسەر مێزی سەکوچکەی (ئێران + عێراق + تورکیا) دایبنێت و مامەڵەی پەوە بکات و بیفرۆشێت ، ئەمجارەت هەمو وڵاتانی دنیا بە ئەمریکاشەوە لەم یاریە تێگەشتبون ، بەڵام کورد خەی نەیتوانی سود لە رای وڵاتانی دنیا وەربگرێت ، هەر بۆیە ئەم کارتەی دەستی تورکیا دیوی دوهەمی بوە هەی ئەوەی ڕێکەوتنێک بهێنێتە ئاراوە لەسەر عێراقێکی یەکگرتوو ، گەڵانوە بە ٢٠٠٣ ، ئێستە دوای ڕێکەوتنی عێراق و تورکیا و ئێران ، کوردی باشور لە بەردەم دو ڕێگادایە :

1. یان گەڵانوە بە عێراقێکی یەکگرتو .
2. یان شەڕێک کە هیچ پشتوانیەک نابێت و ئەوش دەزانین هەر هەزێک ئاسمانی بە دەستەوە بێت ئەو هەزە سەرکەوتوە .

سە جەری چەپ لەم ڕیفراندەمدا سەردار عەبدوڵا حەمە …

ئامانجی مارکسیزم نەهێشتنی ستەمی ئینسان لە سەر ئینسانە ، هەرجەرە ستەمکیش سەرچاوەکەی ناکەکی چینایەتیە ئامانجیش لەو ستەمە بەهەمەند بوونی بورژوازیە لە سەروەت وسامان لە ڕێگای کەڵکەی سەرمایەو زێدەبەهاوە (فائض قیمە) لە پرۆسەیەکی بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتیدا ئەمش بەهەی پاراستنی خاوەندارێتی تایبەتیەوە دەبە ، بورژوازی بە ئەم ژەرخانە ئابوریەی پەویستی بە دەوڵەت وئایین وخەزانە . مەبەستی من لەردا نیشاندانی تەوانینی چەپ وکەمۆنیزمی مارکس بە نەمانی ستەمی ئینسان لە سەر ئینسان لە ڕوانگەی تێگەیشتنی خەمەوە لە مارکسیزم . بورژوازی بە بەدی هاتنی ئامانجکانی پەوستی بەچەندین ستەم هەیە لە سەر کۆمەڵگا جگە لە چینی کرێکارستەم دەخاتە سەر هەندی چین توێژی کۆمەڵایەتی تر بۆیە ئەرکی چینی کرێکار تەنها ڕزگار کردنی خەی نابێت بەڵکو ڕزگارکردنی تەواوی کۆمەڵگایە جا هەرکەس وچین وتوێژێک لەگەڵ بەرنامەی مارکسدا بێتەوە بە رزگار کردنی هەر بەشێکی کۆمەڵگا جێگای پشتیوانی دەبێت .

چەند ستەمێک هەیە کە لەدژەوەی کارگا وکارخانەکان وئیدارەکاندا هەن وەک ستەم لە سەر ژن ،لاوان ، منداڵان ستەم لە سەرەنگی پێست ،هاوڕەگەز، ژینگە ، ستەم لە سەر زمان ومیللەت..هتدا . مارکسیزم زانستێکە بۆ ڕزگاری ئینسان لە سەرجەم ئەم ستەمانەو ستەمی چینایەتیش .
ئەوانەی بە ناوی مارکسەوە لەدوان ئەدەن قسە ئەکەن بۆ ڕای من سێ جۆرن : یەکەم ئەو چەپانەن کە تەنها خەباتی چینایەتی واتە ڕزگار کردنی کرێکار یا پرۆلیتاریا بە پێویست دەزانن ستەم لە سەر کەمینەگا وەک مەسەلەی میللی وژنان ولاوان وژینگە ورەنگی پێست دەسپڕن بۆ بورژوازی وبۆ ئەرکی خەیانی نازانن
. دووەم: بەشێک لە چەپ هەن وازیان لە خەباتی چینایەتی هێناوە رزگار کردنی پرۆلیتاریاو بەدی هێنانی کەمینەگایەکی یەکسان دەسپڕن بۆئایندەیەکی نادیار بۆیە ئەرکیان لە چوارچێوەی ریفەرمەکان دەرناچێت وشێشی سۆشیالیستی لە پراکتیکدا بە پێویست نازانن .
سێەم : ئەوبەشەیە لە چەپ کە زیاتر بە چەپی کرێکاری یا کۆمۆنیزمی کرێکاری دەناسرێت وەک درێژە پێدەری ئێبازەکەی مارکس ولینینە ئەم بەشە بە پێچەوانەی هەردوو بەشەکە پێشوو ئەرکی نامانی هەموو جەڕەستەمکانە لە سەر ئینسان ،بە ئەمەش ڕەگا وتاکتیکی خەی دەبێت تا بەسەرانجام گەیاندنی ئەرکە مێژوویەکەی خەی کە ڕووخانی سەرمایەداری وبەدی هێنانی سۆشیالیزمە .هەردوو بەشی یەکەم ودووەمی چەپ کۆشکانی کەمینەگا ڕائەسپڕن بۆ سۆشیالیزم یا ڕائەسپڕن بۆ ڕیفەرم،هەردووکیان هەڕەن لە ڕووی مێژویی ومیتۆدی مارکسەوە ، هەندێ کۆشە هەن پەیوەندی بە کەمینەگای بورژوازیەوە هەیە لە شێشی گەورەی فەرەنسادا چارەسەرکران وەک نامانی ستەمی میللی ویەکسانی ژن وپیاوەو وەکردنی دین بە ئەرکی تاک بەڕام لە سەردەمی ئەمێدا بورژوازی وازی لەم چارەسەرانە هێناوە پێویستی بە مانەویان هەیە بۆیە بووەتە ئەرکی چینی کرێکارو کۆمۆنیستەکان وئیمکانی چارەسەریان هەیە لە ناو کەمینەگای بورژوازیدا وەک ڕەگا چارەی فەوری ودەست بەجێ کە دەکرێ بەشێک لە بورژوازییش لەم چارەسەردا بەشدار بێت بەڕام بە ئامانجی خەی .

بۆئەوەی ڕوون بێت نموونەیەک باس دەکەم کاتێک کەسێک بەهەی کارەساتی ئەتۆمبیلەوە تووشی خوێن بڕبوون دەبێت تۆ دەتوانی چارەسەری بکەی بە بەستنی بڕینەکەی پێویست نەکا ببڕێت بە نەخۆشخانەش بەڕام بە ڕووداوە سەختەکان لەوانەیە چارەسەکەی تۆ ئەوندە پێویست بێت تادەگاتە نەخۆشخانە .خۆ ناکرێ من بڵێم با نەچم بۆ هانای ئەو کەسەوە لە ئێستادا ئەوە ئەرکی من نیە ئەرکی

دوکتورو نەخوشخانەیە یاخود بەم تەنها بە پێچانەوە و بەستنی برینەکەی چارسەر دەبێت پێویستی بە نەخشخانە نیە لە هەموو حالەتەکاندا ، بۆیە ئەم دووانە هەردووکیان دوورن لە لێژیکەوە .ئەوە ی لێژیکە دەبێ چارسەری سەرەتایی بکەی وئەنجا ئەگەر برینەکەی سەخت بوو بیبەی بۆ دکتۆرو نەخشخانەش . بۆیە دەکرێ زۆر ئامانج بەدی بێت لە ناودەی کەمپەینگای بورژوازیدا وەک دەوڵەتی سکیولارو نەمانی کێشەی میللی وستەمی ڕەگەزی و کێشەی هاوڕەگەزەکان وبێشک لە کێشەی ژنان چونکە لەرووی مێژووەوە پێویستن بەم کەمپەینگایەوە بەڵام هەندێ ئامانجیش هەیە مەحاڵە لە چوارچێوەی سیستەمی بۆرژوازیدا بەدیبێت وەک ئازادی و یەکسانی ئینسانەکان چونکە ئەم ئامانجە بەدی نایەت بەبێ ڕووخانی دەوڵەتی سەرمایەداری ونەمانی خاوەندارێتی تایبەتی وکاری کرێگرتە.
لێرەدا دەکرێ هەردوو جۆرەکەی چەپی ناکرێکاری ڕێگر بن لەبەردەم هەر ئاڵوگۆڕێکدا کە بەسەر کەمپەینگادا دێت بەشێکیان لەو کاتەدا دەبنە ڕێگرێکە چارسەرە سەرەتای یەکان دەکرێ بە گرفتێ ئینسایەکانی کەمپەینگا بەشێکی تریان لەو کاتەدا ڕێگر دەبن کە خۆریکە ئاڵگۆڕێکی ڕیشەیی ڕووداو وەک شۆڕشی سۆشیالیستی ، لە ڕووی پێگەی چینایەتیەوە هەردووکیان سەر بە توێژی ناوەندن یان ووردەبۆرژوازین لەڕووی سیاسی وفکریەوە دەبنە پارێزەری ئەم توێژە کەمپەینگایەتیە وەک مارکس دەڵێت لە بۆرژوازیش کەنەپەرستترن چونکە دژی هەر گۆڕانکاریەکی مێژووین . هەرکەس مێژووی شۆڕشی ئۆکتۆبەری ڕوسیای خوێندبێتەوە ئەم دووجۆرە چەپەی بینیوە کە لە هەر ئاڵوگۆڕێکدا بەشێکیان بوونە تە کەسپ وڕێگر لە بەردەم خەباتی لینین وبۆلشەفیەکاندا .

لێفرانداەمکەی کوردستاندا هەرسێ جۆری چەپ دەرکەوتن ئەوچەپەی کە چارسەری کێشەی میللی بە ئەرکی خۆی نازانێت بە بیانوو وتەبریراتی شکست خواردوو تا توانی ڕێگری کردووە وە بە کردەوە دیفاعی لە لێفیدراڵیزم ومانەوەی کێشکان دەکات وە جۆری دووەمی چەپیش پشتیوانی لە ریفراندەمکە کردووە بە هەمان ئەجێندای بۆرژوازیەوە وە جۆری سێیەمیش پشتیوانی لە ڕیفرانادەمکە کردووە بە ئەجێندای خۆیەوە بە دوور لە دەست تێکەڵ کردن لەگەڵ بورژوازی وخۆ بەستنەوە بە ئاسۆوئامانجەکانیەوە ، وە هەر ئەستایش کار دەکات بۆ ئەم ئاسۆوئامانجانەی خۆی کە بەکارهێنانی دەنگی بەڵێ ی خەڵکە بۆ سەربەخۆی نەک بۆ هیچ شتیکی تر بۆ ئەوە ی کێشەی خەڵکی کوردستان چارسەر بکرێت .

سەردار عەبدوڵا حەمە
١١/١٠/٢٠١٧

نا بۆ شۆڕنگێزیی دەسەڵاتداران، بۆ بۆ ئاشتی، ئازادی و دادپەروەری

دەوڵەتی عێراق و هەرێمی کوردستان لە گۆڕاو و قەیرانێکی قووڵی سیاسی و ئابووریدا چەقیون. شتێک بوونی نەماوە بە ناوی سەروەریی وڵات. دەوڵەتانی ناوچەکە وەکو ئێران و تورکیا ڕاستەوخۆ دەستیان وەردەوەتە چارەنووسی خەڵکی عێراقەوە، بە هەرێمی کوردستانیشەوە. هەڕەشە بەرژەوەندیی عێراقیش دابەشبوونەتە سەر سیاسەتی ئەم دوو وڵاتە. هەڕەشە ئیمپریالیستەکانیش ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ دەستیان هەیە لەم قەیرانەدا، نەک هەر لە عێراق و کوردستان بەڵکو لە تەواوی ناوچەکەدا استدا. لەپێناو دووبارە دابەشکردنەوەیەکی ئیمپریالیستییانەی جیۆگرافیای ناوچەکە و تانکردنی سامانە سروشتییەکان و گەیشتن بە ووباری نەوتی ژێر خاکی ناوچەکە، ووباری خوێنیان لەسەر خاکی ئەو وڵاتانە هەستاندووە. دەرکەوت ئەو خشباوەییەی هەڕەشە ناسیۆنالیستەکان بە دەوڵەتە ئیمپریالیستەکان هەیانبوو ساختە بوو، دەرکەوت ئەم هەڕەشانە (ئەگەر بە ووکڕش دەستی دەسەڵاتدارانی کوردستانیش بن) بە هیچ جۆرێک دەست و پشتیوانی ڕاستەقینەی خەڵکی کوردستان نین، بەڵکو دەستی هەتا سەری بەرژەوەندییە نامرۆییەکانی خۆیانن. ئەوەی هەڕەشە سۆسیالیست و کۆمۆنیستە ڕاستەقینەکان لەسەر ئیمپریالیزم دەیانگوت، کە خەڵکیان ئاگادارکردەوە لەوەی نابێت جەماوەر بە مافی خۆی چاوەڕێی گۆڕینی سەروەری ئەو هەڕەشە ئیمپریالیستانە بێت کە خۆیان مایەی نەهامەتیی جەماوەرن، ڕاست و دروست دەرچوو.

تازەترین قەیرانیش کێشە و ململانێی نێوان دەسەڵاتدارانی هەرێم و حکومەتی ناوەندیی عێراقە لەسەر هەژموونی سیاسی و پاوانکردنی هەرچی زیاتری چاڵە نەوتییەکانە. ئەویان لەژێر دروشمی سەروەریی و

یەکپارچەیی خاکی عێراقدا دیاریت کەرکوزیەکی تر بە سەر خەڵکی کوردستاندا بهێنێت. دەسەڵاتی هەرێمیش بە سەرکایەتیی بارزانی و هاوپەیمانەکانی دیاریت لەژێر دروشمی ئیفراندەم و سەربەخۆییدا بە دڵرچووون لە قەیرانەکانی خۆی، کوردستان تووشی شڕێکی نەخوازراو و کارەساتبار بکات و دڵی ئاغاکانی پێ شاد بکات.
ئەمە هەر لە سەرەتای پێڤەی شانۆگەریەکە و پێش نمایشکردنی، زۆر بە ووون و ئاشکرایی ڕامانگەیاند ئەوەی لە کوردستان لەژێر ناوی پرسی ئیفراندەم و سەربەخۆییدا دەگوزەڕێت، هیچ بنەمایەکی نییە، بەڵکو بە داپۆشینی شکستەکان و دڵرچووون و خەڵزگارکردنە لەم قەیرانەی کە تێکەوتووون. ئێستا بە ووونی پێشبینییەکان ڕاست دڵرچووون و وەک هەمیشە ئەوانەی شەڕەکە هەڵدەگیرسێنن خەیانی لە بەدوردەگرن و لە ڕۆگەی میدیاکانییانەوە ناڕاستەوخۆ هانی چەکدارکردنی خەڵکی هەژار و چەوساوە دەدەن. لە بەرامبەریشدا پەمانوایە ئەم گەمارۆ ئابووری و سیاسییە و ئەم شەڕنگێزییەی حکومەتە تائیفییەکەی عێراق دژ بە کەمەڵانی خەڵکی کوردستان سەرپێیخستووە، درێژەی هەمان سیاسەتی شۆڤێنییانەی حکومەتکانی پێشووترە و بە تونەدی ئیدانەی دەکەین و لە دژی ئەم هەوڵە داگیرکەرانەیە ڕادەوستین و بە هەموو جۆرێک هەوڵی هۆشیارکردنەوەی جەماوەر و ڕۆگرتن لە هەر ئۆگرێکی نەخوازراو دەدەین.

دەسەڵاتدارانی بەغدا و هەولێر بە هیچ جۆرێک نوێنەرایەتی زۆرینەی جەماوەر و خەڵکی عێراق و کوردستان ناکەن. ئەوان هەردووڵا بەبێ جیاوازی، نوێنەرایەتیی کەمینەیەکی کەمەڵگە دەکەن، ئەو کەمینەیەی تەواوی سەروەت و سامانی ئەم وڵاتەی بە تاڵان بردووە و دواتر لە پێناو گەرمکردنی شۆڤێنیدا دووبارە بەرهەمیدەهێنێتەوە، ئەم جۆرە دەسەڵاتە هەمیشە دیاریت لە ڕۆگەی هەڵگیرسانی شەڕەوە بازنە تەسک و بچوکەکەی خۆی گەورەبکات و جەماوەری خوارەوەی کەمەڵگەش تێوەبگلێنێت. بەباکانە دژ بە خەڵکیان بە کرێکاران و زەحمەتکێشانی عێراق و کوردستان دروستکردووە و تەواوی وڵاتیان کردەتە وێرانە و بە میلیشیاکانیان شار و شارۆچکەکانیان میلیتاریزە کردووە. ئەمە لەکاتێکدا هەژاری و بێکاری و ئاوارەیی ملیۆنیی لە سەرتاسەری وڵاتدا بەردەوامیی هەیە.

پێویستە جەماوەری عێراق و کوردستان باش لەو ڕاستییە تێبگەن کە ئەم جەنگە میدیاییەی لەنێوان بەغدا و هەولێردا بەرخراوە و دیانووت بیگێرنەنە جەنگێکی فیزیکی، شەڕی نێوان کورد و عەرەب نییە، بەڵکو شەڕی نێوان دوو بلۆکی بەرژوازییە لەسەر سەپاندنی هێز

و داگیرکردنی سامان، ماشێنکی جەنگییە بۆ جیاکاریی و دووبارەکی لەنێوان نەتەوە و ئایینەکاندا، دیانەوەت پێکەوەژیانی نەتەوەکانی عێراق لەباریەک هەڵوەشێنن و هیچ یەکگرتوویەک لەنێو جەماوەری کورد و عەرەبدا نەبێت، بۆئەوەی دەسەڵاتی سەرۆکی هەرێمی عێراق بتوانێت جەماوەری خوارەوەی خۆی دژ بە نەتەوەی بەرامبەری بوروژێنێت و تووشی جەنگکیان بکات کە تەنها و تەنها ئەوانە سودی لێدەبینن کە خەیان هەڵگیرسێنەر و ئاگرخۆشکەرین.

دەخێکی لێم شێوەیە پێشبینیکراو بوو، بۆپێیەی دەسەڵاتی بەرژوا ناسیۆنالیستی کوردستان و حکومەتە تائیفییەکەی عێراق لەسەر شێوە و خوێنشتن دەژین، باش دەزانن لەدوای کۆتاییهێنان بە داعش لە عێراق، ناتوانن بەبێ دوژمن و شەڕێکی نوێ بژین، داعیش ئەو دیاردەیە بوو کە بە زەقکردنەوەی مەترسییەکانی چەند ساڵێک هەوێیاندا جەماوەری پێ بدەنگ بکەن، ئێستا هەرێکە لە هەولێر و بەغداد پێویستیان بە دوژمنێکی دیکەیە بۆ لابیربردنەوەی کێشە ئاستەقینەکانی خەڵک و دووبارە دەمبەستکردنەوەیان، ئەگەر ماوەی چەند ساڵێک بوونی دوژمنێکی هاوبەش ئەم دوو بلۆکە بەرژوازییەی لە شێوەی یەکتر دوورخستبێتەوە، ئێستا بە کابووسەوەی ئەو دووژمنە، هەریەکەکیان دەیەوێت ئەوی دیکە بکاتە دوژمن.

ئەزموون و مێژوو سەلماندوویەتی کۆتاییهێنان بە دەخی باڵادەست و قەیران و شەڕەنگێزیی دەسەڵاتداران، نە بە هەڵە بەرژواکان بدیدێت، جا ئەو هەزانە لە هەر پەگەیەکدا بن (ئەپەزسیۆن یان دەسەڵات) و بانگەشەی هەرچییەک بکەن، نە بە هەڵە ئیمپریالیستەکانیش بدیدێت، کە پیانوایە مەشق و وانەی دیموکراسی بە ئێمە دەدەن. تاکە چارەسەر بۆ ئەم دەخە و بۆ بەدیهێنانی ئازادی و یەکسانی و دادپەروەری بریتییە لە خەباتی پێکەوەیی جەماوەری عێراق و کوردستان، واتە خەباتی ستەملێکراوان دژ بە ستەمکاران؛ ستەملێکراوان مافی خەیان تەنها لە ستەمکاران وەردەگرنەوە و بە شێوەی نەتەوەیی لەگەڵ ستەملێکراوانی دیکەدا ئازی نابن.

داوا لە جەماوەری کرێکار و ئازادیخوازی نەتەوەی عەرەب دەکەین لە عێراق، فشار بخەنە سەر دەسەڵاتدارانی بەغداد و لە هەڵگەی خەباتی چینایەتی و هاوپشتیی ئینتەرناسیۆنالی خەیانەوە هەڵگە لە هەر هەڵەکی شۆڤێنیست بگرن کە بیر لەوە بکاتەوە بەهەی ململانێ و شەڕ و کێبەکێی بەرژەوەندییە ئابووریەکانی خەیانەوە لەگەڵ دەسەڵاتدارانی کورد، جەماوەری کوردستان بکەنە قوربانی.

ئەمش لە ناوەندی لەکالینووی سیاسیستی- کوردستان، وەکو تاک لە چالاکوانانی سیاسیست، پەیامێک ئاراستەی هەموو هێز و لایەنە چەپ و سیاسیست و رەکخراوە پیشڕەوی و سندیکایەکان دەکەین بە بەستنی هاوپەیمانێتییەک لە دەوری پلاتفۆرمێک لەپێناو ئاوەستانەوە بەووی شۆڕشگێزیی دەسەڵاتداران و هێزە ناوچەیی و ئیمپریالیستەکان، بە بونیادنانی بزووتنووی بەرەنگاری و دوورخستنووی مەترسکەی جەنگ لە هەموو مەیدانەکاندا.

ناوەندی لەکالینووی سیاسیستی – کوردستان
١٥ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧

بانگەوازی بۆ پشتگیری هاوڕێیانی ئانارکیست و ئازادیخواز لە هەر کوێیەکی جیهان هەن

بانگەوازێکی ئاستووخۆ و تایبەت بە هاوڕێیانی ئانارکیست و ئازادیخوازی عەرەبی-زمان

نا بە دووەت، نا بە جەنگ، بژێ بە سەربەخۆیی و شۆڕشی کۆمەڵایەتی

چەند ساڵ و مانگ و هەفتە و ڕۆژی ئابوردوو ئەم ئانارکیستان و ئازادیخوازانی هەرێمی "کوردستان" بە هێرشست و دروشمی (بژێ بە سەربەخۆیی هەموو شوێنێک و هەموو کەمەنێک، بژام نا بە دووەت) دەنگی خەمان دژی دووتاندنی ئەم هەرەمە لەژێر پەردەی سیناریۆی "یفراندەم بە سەربەخۆیی" هەڵبژێردەی و بەدنیاییشووە هاوڕێ عەرەبی-زمان و تورکمانی-زمان و ئاشووریی و ئێزدانی دیکەش هێرشستکی لەو جۆرەیان هەبووە و دەبەت و هەمان چاوەڕوانیمان لە هاوڕێیانی ئانارکیست و ئازادیخوازی سەرتاسەری جیهان هەیە، کە لە دژی هەڵگیرسانی جەنگی نەوت و دووتگرایی (بۆڕی ناسیونالیستان و

چەپ پەژ-فاشیستەکان)، لە (بەرەی دژە-جەنگی خەڵکی عیراق بە هەموو پێکهاتەکانییەوە) پشتیوانیبکەن و لە هەر شوێنێک دەوڵەت، خوێندانی هاوپشتی و دژی جەنگ بەرەبخەن.

ئەمە دژە-دەوڵەتین، لەبەرئەوەی دژی سیستەمی ئامیارین، دژی پارتییایەتی و دژی ئایدیۆلۆجییە دەسەڵاتخوازییە چەپ و ئاستەکانین، لەبەرئەوەی کە دژی سەروەریی چینایەتین، دژی کاری کرێگرتە و دژی دارایی تایبەتین، کە هەموو جەنگەکانی مەژووی سەروەریی چینایەتی لەپێناو پاراستنی ئەو سەکوچکەیە بوون؛ سەروەری چینایەتی، دارایی تایبەتی، کاری کرێگرتە!

ئەمە دژی جەنگ و چەک و کێدەزیی نەوان ئەتنییەکان و بازنە کولتوورەکانین، چونکە جەنگ و چەک و کێدەزیی تەنیا جەنگ و مەرگ و کێلەتی بەرەنجامدەهێنن و هەرگیز سەرەنجامی هیچ جەنگێک، شۆشی کۆمەڵایەتیی نەبووە و هەموو کات جەنگ لەنێوبەری وزە و توانایی شۆشگێڕانە و لاوازکەری بزووتنەوە جەماوەریی و کۆمەڵایەتییە ئازادیخوازەکان بووە و لە بەرانبەریش گەرمکەری بازاری چەکفرۆشی و دابینکەری نەوت بە کارخانەکانی چەکسازیی و ئەتۆمبۆمبسازیی و وەرانگەری ژینگە و هەژارترکردنی هەژاران و درێژکەرەوەی تەمەنی سەروەریی چینایەتی بووە!

ئەمە هاوکاتی دژە-جەنگ بوون، خوازیاری ئاشتانی خەباتوبەریی سەربەخۆی کۆمەڵگەکانین لە هەر شوێن و هەموو کات؛ خوازیاری ئاشتانی خەباتوبەریی ناوچە و هەرەمەکان لەسەر بنەمای هەرەوەزییە ئازادەکان و کۆمون و ئەنجومەنە سەربەخۆکانی شوێنی کار و ژیان هەین و ئازادی تاک و بەیاری سەربەخۆیانەی تاک بە بناخەی ئازادی و سەربەخۆیی هەموو کۆمەڵگەک دەزانین و بەبەچوونی ئەمە لە هەر شوێنێک دەوڵەت هەبێت، لەوە ئازادی بوونی نییە، لە هەر شوێنێک پارتییایەتی هەبێت، لەوە سەربەخۆیی کەسیی و ئاوەز و بیرکردنەوە بوونی نییە، لە هەر شوێنێک خاوەنکار و دارا هەبێت، لەوە کەسی بەشمەینەت و کێلە هەیە. هەر ئاوا بەبەچوونی ئەمە لەنەوان فەرمانداریی بیست و شەش (٢٦) سالەی بەرجوازیی هەرەمی "کوردستان" و جیابوونەوەی دەوڵەتییانەی هەرەمی "کوردستان" جیاوازی نییە و بەشی ئەمە نەداران و بەدەستەماتان هەر درێژە و زیاتربوونی بەدبەختییەکانی پەشووتر دەبێت و دیوەکەی دیکەشی هەر دەوڵەتمەندتربوون و بەهێزتربوونی ئامیاران و سەرمایەداران و فراوانتربوونی مەیدانی تەاتنی کۆمپانییە جیهانخۆرەکان و نوێندەکانی وەک سندووقی نەودەوڵەتیی دراو و بانکی جیهانی و

بانکی نەوەندیی ئەوروپا و دەوڵەتە زلهێزەکان دەبێت.

ئەمە ئەنارکیستان، دژی دەوڵەت و دژی جەنگ و دژی سەرکوتین و بۆ ئەو مەبەستەش هەموو هاوەرد و هاوچین و هاوئامانج و هاوبیر و هاوڕێکانی خۆمان لە سەرتاسەری جیهان بۆ پشتیوانی لە بەرەی دژی جەنگ و بەرگرتن لە هەڵگیرساندنی جەنگی ناسیونالیستیی نێوان ئێتنیەکانی عیراق و ناوچەکە بانگەوازدەکەین؛ ڕاستە ئەرکی ڕاستەوخۆ و خەڵکی و سەرەکیترین چالاکی ڕاستەوخۆی دژی جەنگ لەسەر شانی کەسانی ئازادیخوازی نێو عیراق و ئەرکی ڕاستەوخۆی کەسانێک دەبێت، کە بە زمانی ئێتنیەکانی نێو عیراق دەدوێن، بەڵام ئەرکی ئێوە هەر ئازادیخواز و ئەنارکیستێک لە هەر شوێنێکی جیهان هەن و بە هەر زمانێک دەدوێن و لە هەر شوێنێک لەدایکبوون، لە ئەرکی سەرشانی ئەمە کەرمتر نییە و نابێت، چونکە هەڵخڕاندن و ڕێکخستنی دەنگی ناڕەزایەتی شەقامی کەمەڵکانی خەڵتان دژی جەنگ، تەواوکەر و مسۆگەرکەری سەرکەوتنی دەنگە دژە-جەنگەکانی نێوخۆی عیراق و کەمترکەرەوەی مەترسی مەرگ و ئاوارەبوونی منداڵانی عیراقە.

ئەمە ئەنارکیستانی کوردی-زمان بە دیاریکراویی هاوڕێ (ئەنارکیستە عەرەبی-زمانەکان و فارسی-زمانەکان و تورکی-زمانەکان) بە وەستانەوە دژی جەنگ و هاوپشتیکردن و یەکێتی لەتەک خەمان دژی (پلان و بیارەکانی سەروەران و سەرمایەدارانی کوردی-زمان و عەرەبی-زمان و فارسی-زمان و تورکی-زمانەکان) بانگەوازدەکەین و هەر خۆگلکردن و هەر کەمتەرخەمییەک و خەدووگرتنێک لەو بارەوە، بە ڕەزامەندبوون لەتەک جەنگ و ڕامیاران و سەرمایەداران و کەمپانییە جیهانخۆرەکان دەزانین. ئەمە بەجگە لە دژە-جەنگ بوون و هەوە و پاگەندەی بیست و چوار ساتە دژی جەنگ، هیچ هەبژار و ئومێد و چارەیەکی دیکەشکنابین، ئەوەش خەڵتان و ویژدان و ئەرکی مێژوویی سەرشانتان؛ ئەمە لە ئەوە داخوازیی پشتیوانی و هاودەنگی دەکەین، نەک بیار و سپاندن و ناچارکردنی ئەوە، چونکە بە کەسی ئەنارکیست دژە-جەنگ بوون و چالاکی خەڵکی و هاوپشتی جیهانی ئەلف و بای تەکشانی ئازادیخوازانن. ئەمە چاوەڕێی هەوەست و پشتیوانی چالاکی هاوڕێیانەی ئەوین، منداڵان و پیر و پەککەوتان و نەداران و بەدەستەماتانی هەموو بەشەکانی عیراق چاوەڕێی هەوەست و پشتیوانی و خەنیشاندانی ئەوەن!

نا بە جەنگ
نا بە دەوڵەت و سەروەریی
نا بە نەتەوە و وڵات و ئاڵا

نا بە سیستەمی چینایەتی

بەرەو بە هاوپشتی و یەکگیزی دژی جەنگ
بەرەو بە تەکۆشانی کۆمەڵایەتی
بەرەو بە خۆبەخشتنی کۆمەڵایەتی
بەرەو بە شۆڕشی کۆمەڵایەتیی
بەرەو بە ئاپۆینی کۆمەڵایەتیی
بەرەو بە خۆبەڕێوەبەریی کۆمەڵایەتی

سەکۆی ئەنارکیستانی کوردیی-زمان
١٥ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٥

سایتی سەکۆی ئەنارکیستان
www.anarkistan.com

پەیجی فەیسبووکی ئەنارکیستان
www.facebook.com/sekoy.anarkistan

سەکۆی ئەنارکیستان لە تویتەر
Posts by anarkistan

ئیمەیل ئادرەسی ئەناکیستان
anarkistan@riseup.net

کاریلە ... ن. ریزان فەتاح

منم منم کاریلە
سپی و جوان وردیلە

خەراکم گەنم و جەیە
سودم هەموو بە تەیە

پەلکی شووتی و گندرە
بەتام دەخەم بە نەرە

دەخەموە ئاوی زەر

لەسەرچاوەی جەراوجەر

دایکی من ناوی بزنە
زەر میهرەبان و مەزنە

پەستم بە موو داپەشراو
رەنگ و جوان رەنگکراو

دەمپارەزە لە سەرما
لە هاوین و لە گەرما

تێبینی// ئەم هەنراوەیە لە ژمارە (٢٥٨) ی گۆڤاری جگەرگۆشەکان
لە مانگی ئاب ٢٠١٧ بڵاوکراوەتەوە